# ئایندەی گەرمیان

بلاوكراوەیەكی سیاسی،
كومەلایەتی گشتییە راگەیاندنی
مەڵبەندی (١١) ریكخستنی
گەرمیان دەری دەكات
پێنج شەم ژمارە (٦) ١/١٠/ ٢٠٠٥



بە خەم و پەژارەیەكی زۆرەوە لە چەند رۆژی رابردوودا هونەرمەند ناسری ڕەزازی لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە هاوینە هەواری دوكان هەواڵی كۆچی ناوادەی پێشمەرگە و دایك و خۆشەویست و هونەرمەند ( مەرزە خان ) ی ڕاگەیاند ، كۆچی ناوادەی هونەرمەندێكی پایەبەرزی وەكو مەرزییە خان زیانێكی گەورەیە لە بزوتنەوەی هونەری ڕەسەنی كوردی ، ئەو هونەرەی كە دەنگە بەسۆزەكەی مەرزییە پانتاییەكی جوانی ڕەنگرێژكردووە ئێمە لە كاتێكدا بە ناوی خۆمانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی فەریقی دەكەین وڕێگەش بە خۆمان دەدەین بە ناوی جەماوەری گەرمیان و هونەرمەندان و ڕووناكبیرانی ئەم دەڤەرە هاوبەشی و هاوخەمی ئەوان بە كاكە ناسری ڕەزازی و منالْ و خانەوادەی فەریقی ڕابگەیەنین ، داواكارین لە خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بكات و ئۆقرەیی ببەخشێتە دڵی هەمووان .

دەستوری عیراق: هەنگاوێك بەرەو دیموكراسی 2
ئەرك وكارەكانی ئەنجومەنی شارەوانی كەلار 3
دیموكراسی : وشە ، بەرد ، گوللە ! 4
كوردستانیكم ناوێ كە ٢ ژن یەكسان بە ١ پیاو بێت 5
سەربەست ئەحمەد : ئەگەر هەین كواین ؟ 6
ئەژدەر فەرهاد ئەسعەد بۆ یانەی ئۆدێنیسی ئیتاڵیا یاری دەكات 8

## بە بودجەی ١٠٥١٤٤٣١ ملیۆن دولار پرۆژەی ئاوی كەلار – رزگاری جێبەجێ دەكرێت



لەسەربودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ولەلایەن وەزارەتی شارەوانی بەهاوكاری كۆمپانیای (لاس)و (ئۆزلەم)ی توركی بەبودجەی (١٠٥١٤٤٣١) دۆلاری ئەمریكی پرۆژەی ئاوی كەلا ر- رزگاری لە جێبەجێكردندایە، شوێنی پرۆژەكە دەكەوێتە سەرگردی بەردەسوری كۆن وسەرچاوەكەشی ئاوی ڕووباری سیروانەو ماوەی تەواوبوونەكەشی ٣٩٠ رۆژەو ئەندازیار فازل عوسمان ڕایگەیاند كەبەتەواوبوونی پرۆژەكە هەتا ساڵی ٢٠٢٥ بەشی دانیشتوانی ناوچەكە دەكات وپاشان فروان دەكرێ تاساڵی ٢٠٣٥ وپرۆژەكەش لەسێ بەشی سەرەكی پێكدێت وئاوەكەی بۆن ورەنگی نیە.

## بورهان محەمەد فەرەج: لەم مانگەدا تاقە كتێبێكی كۆن لە خوێندنگەكاندا نامێنێت

لەگەڵ كردنەوەی دەرگای خوێندنگەكان وزۆربوونی ڕێژەی خوێندكاران لەناوەندەكانی خوێندنی سنووری گەرمیان، قەیرانی كەمی شوێن وپۆل دروست بووە، بەجۆرێك هەر خوێندنگەیەك چەند دەوامێكی تیایە، هەر پۆلێكیش ژمارەیەكی زۆری خوێندكار، لەم ڕووەوە بورهان حمە فەرەج بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پەروەردە پێمانی ڕاگەیاند:" بۆ چارەسەری بەپەلەی ئەو كێشەیە داوامانكردووە لەخوێندنگەكان خانوو بگرن بەكرێ یان ئەوەیە كەرەڤان پەیدا بكەین"، هەروەها لەبارەی نەبوونی كتێبەوە مامۆستا بورهان رایگەیان كە لەماوەی ئەم مانگەدا تاقە كتێبێكی كۆن لە خوێندنگەكاندا نامێنێت، هەر لەم بارەیەوە مامۆستا مستەفا ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان پێمانی ڕاگەیاند :" بەكرێ گرتنی خانوو چارەسەر نییە، چونكە خسڵەتی خوێندنگەو پۆلی تیدا نییە، نرخی كەرەڤانیش زۆر بەرزە"، هەروەها وتی:" ئێە وەكو چارەسەرێكی سەرەتایی دەوامی هەردوو خوێندنگەی دواناوەندی پێشكەوتن وحەمرین مان كردووە بە سێ دەوام وبەوەش جێگایی ٣٠٠ خوێندكارمان كردووەتەوە"، لەبارەی ئەو بینایانەش كە لەگەرمیاندا بۆ خوێندنگە دروستكراون وتەواو نەبوونە مامۆستا مستەفا وتی:" بەداخەوە هەردوو كومپانیای نۆكان وبەرزی كارەكانیان تەواو نەكردووە، هەروەها ئەو بینایەی كە كومپانیا توركییەكە بەنیوەو ناچلی بەجێی هێشت داوامانەتە كومبانیایەكی خۆماڵی بۆ ئەوەی تەواوی بكات .

## چوار باندی دزی وتەزویر لەكەلار دەستگیردەكرێت



لەماوەی ڕابردووداو لەچەند كردەوەیەكی جیادا هێزەكانی معاونیەتی ئاسایشی كەلار توانیان دووباندی دزینی ئۆتۆمبێل ودووباندی تەزویكردنی بەڵگەنامەو نوسراوی حكومی دەستگیربكەن. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەكی ئاسایشەوە دەستمان كەوتووە باندی یەكەم سەرۆكەكەی كەركوكییەو هاوكاری لەكەلارو دەربەندیخان هەیەو چەندین كاری دزی ئۆتۆمبیلیان ئەنجام داوە دوایین دزیان كۆستەرێكی كیابووە لەبەغدا، باندی دووەم لەناوڕاستی مانگی ٩ بەزەبری چەك ئۆتۆمبیلی هاوڵاتییەكیان لەخانەقین دزیوەو هێناویانەتە كەلارو لەكاتی فرۆشتنیدا دەستگیركراون، باندی سێیەم لەباوكێك ودووكوڕو كەسێكی تر پێكهاتووەو لەسەر ڕێگایی كەلار – رزگاری دەستگیر كراون وژمارەیەكی زۆر بەڵگەنامەو نووسراوی تەزویریان پێوەگیراوەو دووساڵە سەرقاڵی ئەو كارەن، باندی چوارەمیش تەنها كەسێكی گیراوە بە ١٦ مۆری تەزویرو كۆمەڵێ بەڵگەنامەوە .

## كەناڵی العراقیە بوەتە بە كەناڵی ئیئتلافی شیعە

القدس العربی لە ژمارەی ٩/٢٧دا بلاوی كردەوە سەرۆك كۆماری عێراق نیگەرانی دەربڕی لەوەی كە ئیئتلافی شیعە وئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیران دەستیان وەرداوەتە كاروباری كەناڵی ئاسمانی ئەلعراقیە وە، كە لەلایەن تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراق بەڕێوەی دەبرێت. سەرۆك تاڵەبانی لەكۆبونەوەیەكی لەگەڵ سەرنوسەرو ژمارەیەك ڕۆژنامەی ناوخۆدا ڕایگەیاند كە بەنیازە ئەو كەناڵە ئاسمانییە بەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوە ببەستێتەوە، بەجۆرێك كەحكومەتی ئینتقالی نەتوانێ تداخلی بكات و سەرپەرشتی بەرنامەكانی بكات ئەمەش دوای ئەوە هات كە بەڕێوەبەری كەناڵەكە حەبیب ئەلسەدر شكاتی كردو نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەو فشارو ئاستەنگانەی كە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە بێ ئەوەی ناوی هیچ كەس و لایەك ببات، كەناڵی ئەلعراقییە لەماوەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی كۆمەڵێك ڕەخنەو گلەیی ڕێكخراوی یاسایی ومرۆیی نێودەوڵەتی بوەتەوە بەوەی كە وێنەی ژمارەیەك خەڵكی لەسەر شاشەی كەناڵەكە بلاوكردۆتەوە پێش ئەوەی بدرێنە دادگایی تایبەتی و ناوبردنیان بە تیرۆرستی وپیاو كوژ، هەروەها پیشاندانی دانیشتنەكانی لێكۆلینەوە لەگەڵ تاوانبارانداا لە بنكەكانی پۆلیس و ئاسایش كە ئەوەش لە گەڵ چەمكەكانی ڕاگەیاندنی ئازادو دیموكراتی بنەماكانی ڕێكەوتنە نێودەوڵەتی ونەتەوە یەكگرتووەكان ناگونجێ .

## لەكەلار دوو خوشك دەسوتێن

**تایبەت بە ئاینده**

رۆژی ٩/٢٥ ی ٢٠٠٥ ، دوو خوشك بەناوی (ت . ع . م ) ی تەمەن ٢٨ ساڵ و( م . ع . م ) ی تەمەن ٢٥ ساڵ، دانیشتووی گەڕەكی شەهیدان دەسوتێن ولەئەنجامدا ( ت ) گیان لەدەست دەدات و( م ) بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەكەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەكرێت ، تا ئامادەكردنی ئەم هەواڵەش هۆكاری سووتانەكە نازانراوە .

## پەخشی نوێی رادیۆیی گەرمیان

لەرۆژانی داهاتوودا رادیۆیی گەرمیان بە توانایی ١٥٠٠ وات وشەپۆلێكی ناوەندی كە فریكوسنەكەی ١٦٠٢ كیلۆ هێرتزە رادیۆیی گەرمیان پەخشی نوێی خۆی دەخاتە كار، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەخشی رادیۆكە ناوچەیەكی بەرفراوانتر لەوەی كە هەبوو بگرێتەوە .

## قائمقامی قەزای كەلار دەگوێزرێتەوە بۆ پارێزگا و تا ئێستاش كەلار بێ قائمقامە

بەڕێز تارق ڕەشید قائمقامی كەلار بەپێی بڕیارێكی وەزارەتی ناوخۆ گواستراوەتەوە بۆ قائمقامیەتی مەركەزی پارێزگای كەركوك ـ دەربەندیخان ، لە پەیوەندییەكی تەلەفونیدا قائمقامی پێشووی كەلار بە ئایندەی گەرمیانی ڕایگەیاند لەسەر داوای خۆی ئینفیكاكی كردوە لە پۆستەكەی و پێشتر یاداشتێكی لەو بارەیەوە داوەتە وەزیری ناوخۆ ، ئەوەشی ڕاگەیاند كە ئامادەیە وەكو فەرمانبەرێك خزمەتی شاری كەلار بكات و ئامادە نییە بگەڕێتەوە بۆ پۆستەكەی جارانی ، بەپێی ئەو زانیارانەی كە دەستمان كەوتووە كە تا ئێستا قائمقامیەتی كەلار بەوەكالەت بەڕێوەدەبرێت ، شایەنی باسە هەرلە چوارچێوەی گۆڕانكارییەكانی ئیداراتی گەرمیاندا سامی جیهاد بەڕێوەبەری كارەبای گەرمیان و حەبیب فەرەج بەڕێوەبەری سوتەمەنی كەلار لەسەر كارەكانیان لابراون و عەلی شامار قائمقامی دەربەندیخان خانەنشین كراوە .

## هێزی ڕێگەگرتن لە ئاژاوەگێڕی دروست دەبێت



سەرچاوەیەك لە پۆلیسی كەلارەوە پێی ڕاگەیاندین كە هێزی ڕێگەگرتن لە ئاژاوەگێڕی لە ماوەیەكیز زۆر كەمدا دروست دەبێت و ئەركی ئەم هێزە ئەوەیە كە لە كاتی ئەنجامدانی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەكاندا كۆنترۆڵی ئارامی و ئاسایش بكەن بەبێ چەك و بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا پەنجا پۆلیس لە ڕیزی ئەو هێزەدا كاردەكەن و ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنانی جۆراوجۆر سەبارەت بە چۆنێتی بەرگریكردن ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی لە هەموو هەل ومەرج و بارودۆخێكی قورسدا لە ئاستێكی بەرزی یاساییدا ڕەفتار بكەن و لەگەڵ ڕووداوكاندا بەشێوەیەكی مۆدێرنانە مامەڵە بكەن و مەرجەكانی وەرگرتن لە ڕیزی ئەم هێزەدا ئەوەیە بەلای كەمەوە پلەی خوێندنی ناوەندی هەبێت و لاوێكی باڵا بەرز و لەشولارێكی بەهێز و جوانی هەبێت .

## دانیشتوانی گەڕەكی تسعین زەوی بەسەر ئاوارەكانی كەركوكدا دابەش دەكەن

لە ژمارەی رۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٧ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط هەواڵێكی بلاوكردووە كەوا وەفدێكی دانیشتوانی گەڕەكی ( تسعین )ی شاری كەركوك داوایان لەوەزارەتی نیشتەجێ كردنی عێراق كرد كۆمەڵگەیەكی نیشتەجێ لەو شارەدا دروست بكات بۆ ئەو خێزانانەی كە لەسەردەمی رژێمی سەددامدا ماڵ وحاڵیان لەدەست داوە ئەم داواكاریەش لەو چاوپێكەوتنە داهات كەلە گەڵ (جاسم محەمەد جەعفەر )ی وەزیری نیشتەجێكردندا هات ورایگەیاند كە ئامادەن هەشت دۆنم لە زەوییەكانی خۆیان ببەخشنە وەزارەت بۆ دروستكردنی كۆمەڵگەكە .
بەپێی ماددەی ٥٨ی یاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی تایبەت بەئاسایی كردنەوەی بارودۆخی پارێزگایی كەركوك كە ژمارەیەكی زۆری شكات وكێشەی خاوەندارێتی تۆماركراوە .
وەزیری نیشتەجێكردن لەلای خۆیەوە بەڵێنی ئەوەی دا كە پێشنیارەكە لەبەرچاو بگیرێ وبەرزی كاتەوە بۆ سەرۆكی وەزیران بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ودابینكردن وتەرخانكردنی بودجەی پێویست لەگەڵ دابینكردنی ژمارەیەك پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەكە كە لەسەردەمی رژێمی پشتگوێ خرابوون ولە كارو پرۆژە خزمەتگوزارییەكان بێبەش بوون . سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ئەم هەواڵە پەیوەندیمان كرد بە مامۆستا كاكە ڕەش ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك ، ناوەڕۆكی ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستەوە و ڕایگەیاند كە ئەوان زیاتر پشتیوانی لە عەرەبە هاوردەكان دەكەن .

## لەم مانگەدا لەكەلار ١٩ هەزار خێزان نەوت وەردەگرن

سەرچاوەیەك لە سووتەمەنی كەلارەوە پێی ڕاگەیاندین كە لە مانگەدا هەموو دانیشتوانی كەلار بەشە نەوتی خۆیان وەردەگرن ، سەرچاوەكە ڕوونی كردەوە هەر خێزانێك بەپێی بیتاقەی خۆراكی ٢٠٠٥ دووسەد لیتر نەوت وەردەگرێت تا ئێستا ٢٥٪ كەلار نەوتی بەسەردا دابەشكراوە و ڕۆژانەش دابەشكردنی نەوت بەردەوامە

## بەهۆی سەفەری سەرۆكی حكومەت كۆنفرانسی ئاوەدانكردنەوەی گەرمیان دواخرا

بۆ سێ مانگ دەچێت حكومەتی هەرێمی كوردستان بە نیازە كۆنفراسی ئاوەدانكردنەوەی گەرمیان ببەستێت لە كەلار ، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن پارێزگای كەركوك گەرمیان لیژنەیەكی سەرپەرشتیار پێك هێنراوە و ئامادەكارییەكانیش تەواو بووە ، واش بڕیاربوو لە ٢٠٠٥/٩/٢١ كۆنفراسەكە لەشاری كەلار ساز بدرێت بەلاّم بەهۆی سەفەركردنی بەڕێز عومەر فەتاح سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كورستان بۆ ولاّتی سەنگافورا جارێكی تر ئەو كۆنفراسە دواخرا بۆ كاتێكی دیاری نەكراو ، مەلاسەعید جێگری پارێزگاری كەركوك گەرمیان بە ڕۆژنامەكەمانی ڕاگەیاند ، بەداخەوە ئەنجومەنی وەزیران لە ڕوونكردنەوەكەیاندا هۆكاری دواخستنەكەیان گەڕاندبوەوە بۆ نەبوونی ئامادەباشی تەواو بۆ كۆنفراسەكە ، بەلاّم ئێمە لای خۆمانەوە هەموو پێداویستیەكانمان ئامادەكردبوو . سەبارەت بەو پرسیارەی كە كەی ئەو كۆنفراسە دەبەسترێت بەڕێز مەلا سەعید ووتی : ئێمەش ئاگادار نەكراوینەتەوە لە كاتی بەستنی .

هاوڵاتی بەڕێز :
**بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی سك چوون و ڕشانەوە تكایە گرنگی پاك و خاوێنی خواردن و خواردنەوە بدە**

هاوڵاتی بەڕێز :
**لە كاتی سكچوون ورشانەوەدا بەزووترین كات سەردانە نزیكترین بنكەی تەندروستی بكە**